## خنكانی لاو لە نێو دەریای قسەدا ... چیمەن ساڵح



چەند ساڵێكە لە كوردستان باسی گەنج و لاو یە كێكە لە باسە لە پێشەوەكان، بۆ هەر مەبەست و ئامانج یان ماكیاژ كردنێك بێ رێكخراوەكان و تەلە فزیۆنەكان ومیدیاكانباس لەم بابەتە دەكەن و بە بۆنەو بێ بۆنە قسەی لە سەرد ەكەن، بە پێی دەرفەت ، ربەی ئەو قسانەم گوێ لێگرتووە و و خوێندووەتەوە كە لە سەر لاو كراون، ئەوەی تێبینیم كردووە هەمووی یەك بابەت و یەك قسەو چەند رستەیەكی دووبارە كراوە بوون، لەچوارچێوەی چەند قسەیەكی پە خشان رێژ دا قەتیس ماون، بە بێ ئەوەی ئامانج و مەبەست دیاری بكری، چونكە لە بناغەدا هێندەی زیاتر قسەیە ئامانج و مەبەست نییە. مەبەست گۆڕین و ئایندەو و دیاریكردنی شوناس و رێبازی كار نییە،

هەرولاٚێك هێندەی پێویستی بە وزەی لاوانە لەدروستكردن و بنیاتنان وگەشانەوەدا و لە جمو و جووڵ كاركردندا پێویستی بە هیچ هێزێكی تر نییە، بەڵام ئایا لاوی ئێمە مەبەستم زۆرینەیەتی كاربۆ خۆشیدەكات تا لە پێناوی ولاٚتێكیداكار بكات؟!، لاوان سەر چاوەی گۆڕان و فشار دروست كردنن، بە لاٚم ئایا بە م هەمو ودەستێوەردان و گەندەڵییەی كە لە دەورووبەری لاو روو دەدات، لاو توانای فشارو گۆڕانكاری دەمێنێ ؟! یان بیر دەكاتەوە ئەویش لە و چوار چێوەیەدا پشكێكی بەر كەوێت نەك نەك پشكێك دروست بكات، ئایا ئەو نا دادوەرییەی كەلاو رۆژانە لە ناوەندی خوێندن و لەشوێنی كار رووبەڕووی دەبێتەوە، توانای داهێنانییەهێز دەكات، یان هێزی داهێنانی لێ دەبڕێت، كە لاو روو بەڕووی گرفتێك دەبێتەوە، هیچ پە ناگایەكی بە بێ مەرج شك نابات پە نای بۆبە رێت و راز گری بێت، ئایا هەستی شانازیبۆ ئەو ولاٚت و كۆمەڵگاكەیەوە دەمێنێ ؟!!!

نكوڵی لەوە ناكرێت كە خوێندن و كار دوو سەر چاوەی هەرەگرنگی خۆپێگەیاندن و خۆدۆزینەوەو دەرخستن و پێگەیاند نی بەهرەن، لاونیش لەرێی ئەو دوو سەرچاوەیە وە دەتوانن بەو پەڕی بێگەردییەوە خۆیان پیبگەیەنن بەبێ ئەو دوو پرۆسە یەش شوناسو توانای مرۆڤیش دیاری ناكرێت، بە لاٚم ئایا یاساو ریساوگرنگیدانەكان بەم دوو پرۆسە یە لە ولاٚتی ئێمەدا، چەند ئەو لە ویەتییان هەیە لە دیاریكردنی ئایندەی تاكە كەسدا، ئایا هەموو مەرجە گەندەڵەكانی كە پەیڕەو دەكرێن بەر لەم دوو پرۆسە گرنگە نایەن؟!!!

لاو پێویستی بە پێشەنگە، لە ولاٚتاندا شازادە هەیە، دەچێ كارێكی زۆر ساكارو ئاسایی دەكات بەجۆرێك رۆژنامەو میدیاكان دەیكەن بەباسی سەرەكی خۆیان، نە پی!ویستی بەو كارەیەو نە حەزیشی لێیە بیكات بە لاٚم دەزانی ئەركی سەرشانی، پیرۆزكردنی كارە لە لای هاوولاٚتییانی، لای ئێمەش فاك و فیكی ئۆتۆمبیلە مۆدێل بەرزەكان و وەرگرتنی بڕوانامەی بێ خوێندن و فێربوون و دۆلار رژاندن، زۆر ئازیزو پیرۆز دەكرێت!!!لە ئایندەشدامدیری و كۆمپانیا زۆرە، جا لاوانی ئێمە ئەوپێشەنگ و نموونانەیان زۆر زۆرە ئەوە نەبوو لە داخا خەریك بوو هەموو باڵ بگرن بۆهەندەران، ئاخۆ پەرلەمانی لاوان تەنیا ریگا چارەیە، ئەگەر ئایندەی بەدامەزراندن بگات، بۆچارەسەری گیرو گرفتەكانی لاوان. یاخود چۆن لاوان دووبارە بۆخوێندن و كارو ولاٚت بنیاتنان هوشیاردەكرێنەوە، لەو نێوەندەداچ بەرنامەیەكی

پێشووتر پێویستە هەبێ و جێبە جێ بکرێت تا لاوان بە ویست و ئارەزوو و بەرنامەی خۆیان دەست بدەنە گەورەو بە کارخستنی وزەیان، چۆن بەرنامە پەروەردەییەکان هەر لە منداَڵییەوە رێك دەخرێت بۆ پێگەیاندنی کەسایەتی لاو بە شێوەیەك خاوەن کەسایەتی و بڕیار بێ ، بە ویستی خۆی سوود لەو رێبازانە وەر بگرێ کە لە رووی کەسایەتی و زانست و سەربە خۆبوونە وە پەروەردەو دەوڵەمەندی دەکەن. لاوی کورد سەردەمانێك و لە کاتی نەوەکانی پێشووتردا وەك مێژوویێکی زور نزیك بۆمان دەگێڕێتەوە سەرمەشقی کۆمەڵگا بووە لە خەبات و بەر گری و خوێندەواری و سەرکێشی و بەرەو پێشکەوتندا، ئێستا بۆتەنانەت کەسایە تییەکەی لە کاری گشتیدا جێگای رەخنەو گلەییە؟ بۆچی چاوەڕییە رێی پێ نیشان دەن؟بۆچی لە رادەربڕین دەترسێ ؟ بۆچی سەنگی کار نازانێ و بۆچی لە قوربانیدان و رووبەڕوو بوونەوەی دابو نەرێتە کۆمەڵایەتییە دژوارەکان، ئەوانەی هەرچی لە پێستی مرۆڤدا بێ بەرگەیان ناگرێ دەترسێ ؟ بۆچی رازییە بەوەی زۆربەی ئەو رێگاگایانەی کە ئاسانە بۆپێگەیشتن و ئایندەی لاو هۆی شەرعی نین و گەندەڵین؟بۆچی بێدەنگە لە بەرامبەر نەبوونیداد پەروەریو یە کسانی لە هەرشونێکدا کە بە راستی هەر نەبوونی ئەو دادوەری و یەکسانییەهۆکاریسەرەکی بێ ئومێد بوونی لاو و کوشتنی داهێنانە؟ بۆچی ماندوو بوون کارێکی سەختە لە لای؟ بۆچی لە لاسایی کردنەوەدا زۆر کوێرە؟بۆچی لێدەگەڕێ دروشەکان بیکردار بەرز بکرێنەوە؟ بۆچی لێدەگەڕێ ، پرۆسەی سیاسی بوار بە هەموو کەسێك نەدات و بۆهەموو کەس یە کسان نەبی؟ بۆچی بە لایەوە ئاساییە کە شارەکەی پیس و پۆ خڵ بێ ؟ بۆ چی بە لایەوە ئاساییە، دوای ئەوەی ستەمی سیاسی قۆناغێکی بڕی، ستەمیکۆمەڵایەتی بەردەوام بێ ؟ ب، چی خۆی بڕیار نادات و کارتێکەرەکانی زۆرن؟ لاوان دەبیگەلێك پرسیار لە خۆیان و لە کۆمەڵگا بکەن.